وەزیری دەرەوەی نەمسا ئەمە چوارشەممە سەردانی قەڵای هەولێری کرد

وەزیری دەرەوەی نەمسا، ئەلێکساندەر شولنبەرگ ڕۆژی چوارشەممە گەشبینیی خۆی دەربڕی سەبارەت بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و کێشە هەڵپەسەردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی.

لە لێدوانێکیدا بە پێیامنێران لە پێراوێزی سەردانێکی بە قەڵای هەولێر لەگەڵ پارێزگار ئەمید خۆشناو، وەزیری دەرەوەی نەمسا ڕایگەیاند، کە سەردانێکی بە عێراق و هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە و نەمسا بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی هەولێر و بەغدا، وتیشی: "کەبوونەوەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بنیاتنەر بوون و سەرەڕای سەختی بارودۆخەکە، چاوەڕوانی چارەسەرێک هەیە و هەولێر و بەغدا دەتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن، هەروەها لە ئێستادا کەمپانیای نەمسی لە هەولێر و بەغدا هەیە، کە نیشانەی متمانەیە لە نێوانماندا.